**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

پشت بە حوکمی بڕگەی (1 ) لە ماددەی (56)ی یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراوو، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، و بەدەر لە حوکمەکانی یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992 هەمواکراو ویاسای ژمارە (1)ی ساڵی 2005 هەمواکراو، پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق لە دانیشتی ئاسایی ژمارە (35)ی رۆژی 2013/6/30 بڕیاری دەرچوواندنی ئەم یاسایەی دا:

## یاسای ژمارە (19)ی ساڵی 2013

## یاسای درێژکردنەوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێم کوردستان ـ عێراق

**ماددەی یەکەم:**

ویلایەتی سەرۆکی هەرێم کە لە (2013/8/20) دا تەواو دەبێت، بەردەوام دەبێت، درێژ دەکرێتەوە تا (2015/8/19) کە ئیتر بۆ دووەم جار یارای درێژکردنەوەی نییە.

**ماددەی دووەم:**

لەو ماوەیەدا کە لە ماددەی (یەکەم)ی ئەم یاسایەدا دیاریکراوە، پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان بە سازان هەموار دەکرێتەوە.

**ماددەی سێیەم:**

کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت کە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت.

**ماددەی چوارەم:**

پێویستە سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی پێنجەم:**

ئەم یاسایە لەبەرواری دەرچوواندنیەوە جێبەجێ دەکرێت، و لەرۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان)دا بلاّودەکرێتەوە.

**د. ارسلان بایز اسماعیل**

**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

## هۆیە پێویستکارەکان

لە پێناو بەرژەوەندی گشتیی هەرێمی کوردستان و، بۆ هاتنەکایەی پێکهاتن و سازان لەسەر هەموارکردنی پڕۆژەی دەستووری هەرێم، و لەبەرئەوەش کە پڕۆژەی دەستوور بۆ سیستەمی سیاسی هەرێم گرنگە، و بەمسۆگەرکردنی ڕەخساندنی بارودۆخی مەوزوعی بۆ ئەوەی بگەین بە پێکهاتن لەسەری ئامانجەکانی گەلی کوردستان ـ عێراق بگاتە جێ و بێتەدی ڕێزەکانی یەکبگرن و برایەتیان بەردەوام بێت، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

---

تێبینی/ یاساکە بە دەرچوو دەژمێردرێ بە تێپەڕبوونی ماوەی یاسایی دەرچوواندنی، بە پێی حوکمی بڕگەی یەکەم/2 لە ماددەی دەیەم لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 2005ی هەموارکراو.